گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی کۆمەلایەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا

**عزیز سعید عزیز**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عیراق .
azeezsaeed456@gmail.com

**پ.ی.د. بختیار سعید محمود**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عیراق .
bakhtear.mahmood@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٦/١٤
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٧/٢٨
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Role, Principal School, Communicating, Learning Effective, Teacher, Social Subject*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.15

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی زانینی ئاستی ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەگەیاندنی فێربوونی کاریگەر لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا ، بۆ ساڵی خوێندنی ( 2021 – 2022 ) . نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ( 172) مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی نێر و مێ ، هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆس و خزمەتی ساڵانە ، لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر ، بە ڕێژەی (18.5%) ، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەلبژێردراون ، ئامرازی توێژینەوەکە بریتی بووە لە فۆرمێکی ڕاپرسی کە لە ( 60 ) برگە پێکهاتووە ، کە بە پێیوەری ( لیکارت سکیل )ی پێنجی ڕێکخراوە ، پێکهاتووە لە (7) بوار ( هەڵسەنگاندن ، ستراتیژیەتی وانەگوتنەوە ، ڕاهێنان ، پلانی وانەگوتنەوە ، ئامرازەکانی فێرکردن ، پرۆگرام ، پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ) ، توێژەر ڕێبازی وەسفی بەکارهێناوە ، لەگەڵ بەکارهێنانی بەرنامەی (spss ) کورتکراوەی ( Statistical package for social sciences، توێژینەوەکە لە کۆتایی

گەیشتۆتە کۆمەڵێك ئەنجام ، لەوانە رۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر لە ئاستێکی بەرزدایە لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەرەتیدا ، ئەنجامی گریمانەکان بۆ رۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر بە پێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز ، هەڵگرانی بڕوانامە ، ساڵانی خزمەت ) سەرجەمیان بەهادرای ئاماری بوون ، جگە لە گۆڕاوی ڕەگەز نەبێت لە نێو بوارەکان ، بواری ( ستراتیژیەتی وانەگوتنەوە و ڕاهێنان ) بەهاداری ئاماری بوون ، جیاوازی بۆچوون لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا هەبوو ، سەبارەت بە ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەردا .
وشە کلیلییەکان ، بەڕێوەبەری قوتابخانە ، گەیاندن ، فێربوونی کاریگەر ، مامۆستا ، بابەتی کۆمەڵایەتی.

## بەشی یەکەم : ناساندنی چوارچێوەی توێژینەوەکە:

**1.1پێشـــەکی توێژینەوەکە :** پرۆســـەی پەروەردە و فێرکردن پرۆســـەیەکی مرۆڤایەتیە و بناغەی ســـەرەکی پێشـــکەوتنی کۆمەڵگایە ، چونکە بە واتای گەشـــەپێدانی تاك دێت ، کە تاك لە بوارە جیاوازەکانی ژیری و کۆمەڵایەتی و مەعریفی و جەســـتەیی و جوولەیی و ســـۆزداریدا دەســـتی دەکەوێت ، وەك ئامانجێکی ستراتیژی گرنگ ، کە پێویست دەکات کۆمەڵگەکان هەوڵی بەدەستهێنانی بدەن ( الشـقران ، 2019، ل1 ) . هەروەها ( سیرینی ، 2021) پێیوایە: پەروەردە و فێرکردن هۆکاری گەیشتنە بە نوێگەری و ئاستی پێشکەوتنی گەلان و هاوتەریب بوون بە پێیشکەوتنی زانستی لەسەر ئاســـتی جیهان ( ســـیرینی ، 2021 ، ل 1 ) . لێرەدا قوتابخانە وەك ناوەندێك و ســـیســـتەمێکی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگە دروســتی کردووە ، بەرپرســیاریتی جۆریەتی و پەرەپێدانی نەوەکان بۆ ئێستا و داهاتوو لە ئەستۆگرتووە ، جیاواز لە دامەزراوەکانی دیکە ، بەوەی کە ئـەم دامـەزراوەیـەکی کۆمـەڵایـەتیـە و وێنـای جۆرێکی تـایبـەت دەکـات لـە کـارلێکردن لـە نێوان تاکەکانیدا ، چونکە ئەم کارلێکە پشـــت بە وەرگرتن و بەخشـــین زانســـت دەبەســـتێ لەگەڵ پێکەوە گونجان و هاوڕاییدا ، لەســـەر بنەمای پێگە و ڕۆڵی هەریەکە لە (بەریوەبەر و مامۆســـتا و قوتابی ) لە ژێر رۆشـنایی ئەم هەیکەلەوە پەیوەندی و کارلێکی بەردەوام لە نێوانیان دروسـت دەبێت ، ( ناصـر ،

2020 ، ل 118) ، ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە وەك ســـەرکردەیەك ڕێنمایی و ئاراســـتەکردن و پلاندانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن و فەرمان دەردەکات ، لە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا ، بە ڕاوێژ لەگەڵ کەسانی خاوەن بڕیار و پسپۆرییەکاندا ( صالح ، 2020 ، ل23 -24 ) ، لە دوای ئەوە ڕۆڵی مامۆستا و قوتابی دێت ، لەسـەردەمی ئێسـتا ئاماژەیە بۆ پێداگوجیا لە پەروەردەی ســـەردەم ، کە بریتییە لە کۆمەڵێك چالاکی فێرکردن و فێربوون ، کە لە لایەن مامۆســـتا و قوتابی پەیڕەو دەکرێت لە ناو پۆلدا ، بۆ گواســـتنەوەی مەعریفە لە ڕێگای ناوەڕۆك و پێکهاتەی بابەتەکان و شـێواز و ڕێگا و سـتراتیژیەتی وانەگوتنەوە و هۆکار و ئامرازە و تەکنەلۆژیای نوێ لە ( قادر ، 2020 ، ل 120 ) . بۆیـە بـە لای توێژەر بیرۆکـەیـەك هاتە پێشـــەوە بۆ ئـەنجامدانی توێژینـەوەیـەك لە ژێر ناونیشـــانی ( ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر لە ڕوانگەی مامۆســـتایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەرەتیدا ) لە پەروەدەی ناوەندی هەولێردا .

**2.1 کێشەی توێژینەوەکە :** ئاوێتەکردنی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بۆتە پێویستیەکی سەردەم ، نەوەك وەکو ئیمتیاز ، چونکە بەڕێوەبەری قوتابخانە بە تەوەرێکی سەرەکی و گرنگ دادەنرێت ، لە گەشـــەپێدان و باشـــترکردنی پرۆســـەی فێرکردن و فێربوون لە قوتابخانەکاندا (ڕێبەری بەڕێوەبەرانی ســـەرکردە ، 2022، ل 5) . بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا لە بنکۆڵکردنی ئەم بابەتە ، بە شـــوێن وەڵامی ئەو پرســـیاردا دەگەڕێت ، لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا ، ( ئایا بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر لە ڕوانگەی مامۆســـتایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەرەتیدا ) لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر ، ڕۆڵەکەی لە چ ئاسـتێکدایە ؟ لەگەڵ پرسـیاری گریمانەیی توێژینەوەکە ، جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاســـتی بەڵگەداری ئاماری ($a \leq 0.05$) ، لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی بۆ خەملاندنی نموونەی تاکەکانی توێژینەوە بۆ گۆڕاوی ڕەگەز ( نێر ، مێ ) و هەڵگرانی ( بڕوانامەی ) و سالانی ( خزمەت ) بۆ ( ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کـاریگـەر لـە ڕوانگـەی مـامۆســـتـایـانی بـابـەتی کۆمـەڵایـەتی لـە قۆنـاغی بنـەرەتیـدا ) . لـە میـانـەی گوزارشتکردنی ئەوانەوە ، لە ئەگەری چارەسەرکردنی کێشەی ئەم توێژینەوەیە نزیك دەبینەوە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3.1 ئامانجی توێژینەوە :**

أ- زانینی ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا ) لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر ، لەسەربڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی .

ب- زانینی ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا ، لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر ، بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی ( نێر و مێ ) و هەڵگرانی بڕوانامە ( دبلۆم و بەکالۆریۆس و ماستەر ) و سالانی ( خزمەت ) لەسەربڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی .

**4.1 گرنگی توێژینەوە :** گرنگی توێژینەوەکە لە ڕووی تیۆرییەوە لە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەکۆڵێتەوە ، کە لە کێشەی توێژینەوە و گریمانەکان ئاماژەی پێکراوە ، بۆ ئەوەی بزانرێت لە ماوەی جێبەجێکردنی گۆڕانکارییەکان لە بەجیهێنانی ئەرکەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە ڕۆڵەکەی لە چ ئاستیکدایە ، ئینجا لە ڕێگای کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بە شێوەیەکی زانستیانە ئەنجامەکان دەخاتە ڕوو ، بۆ دۆزینەوەی هۆکاری کێشەکان و پێشکەشکردنی چارەسەری گونجاو بۆ سەرجەم بوارەکانی فێربوونی کاریگەر لە قوتابخانەکاندا . لە ڕووی پراکتیکیەوە وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت سوود لە ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەی توێژینەوەکە وەربگرێت .

**5.1 دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

**ڕۆڵ** : ( میشیل ، 1980 ) پێیوایە : ڕۆڵ بریتییە لە ڕەفتارێکی پێشبینکراو، ئەو کەسە لە هەرپێگەیەکدا بێت ، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ڕۆڵی ئەو کارەکەیدا هەیە ، کە ئەرکەکانی تایبەت بە پێیگەکەی جێبەجێ دەکات ( میشیل ، 1980 ، ل253 ).

**بەڕێوەبەری قوتابخانە :** پێناسەی ( عیسی ، 2018 ) دەڵێت : بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەو کەسەیە ، کە لە قوتابخانە سەرپەرشتیاری هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و فێربوون دەکات ، کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك ڕەگەزەی جیاواز وەك مامۆستا و قوتابی وپرۆگرام و شێواز و ڕێگا و ستراتیژی وانەگوتنەوە و چالاکییە جۆراجۆرەکان ، لە ماوەی ساڵی خوێندن لە قوتابخانەدا ( عیسی ، 2018 ، ل 94 ) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گەیاندن:** ( شـێربان ، 2007) بەو شـێوەیە پێناسـەی بۆ گەیاندن کردووە دەڵێت : پرۆسـەی ناردنی زانیاری و تێگەیشـتنە لە کەسـێکەوە بۆ کەسـێکی تر ، یان لە نێوان نێرەر و وەرگر بە شـێوەی زارەکی یان نوسـراو یان لە ڕێگای ئامێرە زیرەکەکان ، کە لەسـەر بنەمای روونی ئامانجەکان دامەزراوە . بەمەبەستی گەیشتنە بە مامۆستا بەو بڕیار و ڕێنمایی و ئامانجانە کە دەیەوێت جێبەجێیان بکات ( شێربان ، 2007 ، ل 104 ) .

**فێربوونی کاریگەر :** ( Sharon and martha , 2001 ) بەو شێوەیە پێناسەی فیربوونی کاریگەریان کردووە دەڵێن : فێربوونی کاریگەر بریتی یە لە کارلێککردن و گفتوگۆ لە نێوان مامۆسـتا و قوتابی بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان ، کۆبوونەوە لە دەوری شێواز و ڕێگا و ستراتیژی وانەگوتنەوە و ئامانجەکان لە چوارچێوەی چالاکیەکی مەبەسـتدار بۆ گەیشـتن بە باشـترین فێربوونی تەواو و کاریگەر ، کە ڕەنگبداتەوە لە ڕەفتاری قوتابی بە شـێوەیەکی بەردەوام ، پرکتیزەی بکات لە چارەسـەرکردنی کێشەکان و بارودۆخە جیاوازەکانی ژیاندا ( عطیة ، 2018 ، ل 30 )

**مامۆستا :** (عکیشی ، 2014 ) بەو شێوەیە پێناسـەی مامۆستای کردووە دەڵێت : مامۆستا تاکێکی لێهاتووە ، لە لایەن کۆمەڵگاوە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی پروسەی فێرکردنی قوتابیان لە ئەستۆبگرێت ، ئەو زانیاری شارەزایانەیان پێ ببەخشێت کە لە لایەن کەسانی پسپۆر ئامادەکراون ، ئەمەش لە پێناو بەدیهێنانی فەلسەفەی پەروەردەی ئەو کۆمەڵگایە کە تێدا دەژیت ( عکیشی ، 2014 ، ل 17 ) .

**بابەتی کۆمەڵایەتی :** پرۆگرامێکە لە لایەن وەزارەتی پەروەردە بڕیاری لەسـەر دراوە ، لە ئێسـتادا پێکهاتووە لە دوو بواری زانستی جوگرافیا و مێژوو ( الزبیدی ، 2009، ل 25 )

**6.1 سنووری توێژینەوە** : پرۆسەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەو شێوەیە دیاریکراوە :

**سـنووری مرۆیی** : نموونەی توێژینەوە بریتی بووە لە مامۆسـتایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتی لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر – پارێزگای هەولێر

**سـنووری شـوێنی** : ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە لە سـنووری قوتابخانەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر – پارێزگای هەولێر .

**سنووری کاتی** : جێبەجێکردنی کاتی توێژینەوە 3/29/ 2022 – 2022/4/25

**سنووری بابەت** : بابەتی مێژوو

## بەشی دووەم : چوارچێوە تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### 1.2 لایەنی تیۆری :

**1.1.2 چەمکی بەڕێوەبەری قوتابخانە:** قوتابخانە کۆڵەکەیەکی زۆرگرنگە بۆ بنیادنان و ڕاستکردنەوەی کۆمەڵگە ، باشترین کۆڵەگەشە بۆ هەستان بە پەروەردەکردنی نەوەکان پەرەپێدان و ڕەنگ ڕێژیکردنیان بە ڕەنگێکی پەروەردەیی ڕووناك و ڕێمونی کراو بە فەلسەفە و ئەو سیستەمانەی کەوا زۆر بەوردی وێنەی بۆ کێشراوە و داڕێژاوە ، کاریگەری دەکاتە سەر گەورە و بچووکی کۆمەڵگە ملکەچی ئەو پاڵنەر و هەڵوێستانەیە کەوا لە کۆمەڵگاکەی دا بڵاون ، بەڵام ئەرکی بنەرەتی پەروەردە و قوتابخانە بریتی یە لە پەرەپێدانی نەوەی تازە دروست بوو لەسەر ئەو بنەمایەی کە کۆمەڵگە دایرێژراون ، (( بریتی یە لەو ئامێر و ئامراز و شوێنەی کە تاك لە ژیان لەگەڵ خۆدی خۆی دەیگوازێتەوە بۆ گردبوونەوە لە دەوری گروپ و کۆمەڵەکان ، ئەو ئامرازەشە کە مرۆڤ پیایدا تێپەر دەکات بۆ بوون بە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی و ئەندامێکی چالاك و بەرهەمدار لە کۆمەڵگادا ، بەپی پلان و پرۆگرامێکی دیاریکراو )) بۆیە قوتابخانە پرۆسەی کارلێك و چالاکی بەرنامە بۆ داڕێژراو ، لە ناو وەرزەکانی خوێندن و دەرەوشدا لەسەر گشت ئاستەکانی خوێندن و هونەری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و وەرزشی و ئەوانی دیکەشەوە دامەزراوە ( ناصر ، 2020، ل 81 ) ، یان ناوەندێکە لە ڕێگای سیستەمی خوێندنەوە نەوەکانی کۆمەڵگا لە رووی (مەعریفی و وێژدانی و ڕەفتاری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی ) تێبگەێنێت و پێبگەێنێت ، واتا قوتابخانە ناوەندێکە بۆ گەشەپێدان وبنیاتنانی تواناکانی مرۆڤ ( پێندرۆیی ، 2011 ، ل 7 ) . چەمکی بەرێوەبەری قوتابخانە بە مانایە گشتگیرەکە گشت بوار و ڕەگەزەکانی قوتابخانە لە خۆدەگرێت ، بە ئامرازێکی گرنگ دادەنرێت لە پەرەپێدانی جۆریەتی فێرکردن و فێربوون ، بە خۆگونجاندن و لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشکەوتن وگۆڕانکاریانەی لە بواری پەروەردە و فێرکردن هاتوونەتە ئاراوە بە ئاراستەی گەشەپێدانی بەردەوام و پەرەپێدان بە توانا ولێهاوتوویی پیشەی مامۆستا و قوتابی بەشێوەیەکی کارا و کاریگەر . توێژەر سەبارەت بە چەمك و پێناسەی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە ڕووی پەروەردە و فێرکردن و فێربوونەوە بۆچوونی چەند توێژەرێك دەخاتەڕوو بۆ نموونە : بە بۆچوونی توێژەر (الشمری ،2004 ) بەڕێوەبەری قوتابخانەیان بە کۆمەڵێك پرۆسە گرێداوە دەڵێن : بەڕێوەبەری قوتابخانە ( پلاندانان و رێکخستن و ئاراستەکردن و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن) بۆ کارە پەروەردەیی و لایەنەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەست بە دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە لە خۆ دەگرێت ، بۆ گەیشتن بە ئامانجە دارێژراوەکان بە بەکارهێنانی کەرستەی ماددی و مرۆییەکان بە باشترین ڕێگا و کەمترین ماوە و تێچوون ( الشمری ، 2004، ل 17) . بە بۆچوونی توێژەرێکی تر (الرباط ، 2016) بەڕێوەبەری قوتابخانە وەکو سەرپەرشتیاری نیشتەجێ ناساندووە دەڵێت : بەڕێوەبەری قوتابخانە بەرپرسی یەکەمی قوتابخانەیە لە فەراهەمکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ گەشەی تەواوی قوتابی ، بە ئاراستەی هاندان و پاڵپشتیکردنی مامۆستا لە گەشەپێدانی نوێخوازی و داهێنان و پێشکەوتنی بەرنامە و چالاکیەکانی فێرکردن بە هاوکاری هەماهەنگی کۆمەڵگای ناوەخۆ بەرەو باشترکردنی جۆریەتی پەروەردە و فێرکردن و فێربوون ( الرباط ، 2016 ، ل 669 ) . هەروەها بە بۆچوونی ( ربیع ، 2005 ) پێناسەی بەڕێوەبەری قوتابخانەی کردووە وەك سەرکردەیەك لە قوتابخانە دەڵێت : بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەو کەسەیە سەرکردایەتی بەڕێوەبردنی قوتابخانە دەکات ، لەسەر چەند بنەما و ڕێسایەکی دیاریکراو ، هەڵدەستێ بە ئاراستە و سەرپەرشتیاری و بەدواداچوون ئەوکاروچالاکییانەی بە هاوکاری کۆمەڵگای ناوەخۆ و دەرەکی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردە و فێرکردن لە کاتێکی دیاریکراودا( ربیع ، 2005، 53 ) .

**2.1.2 ئامانجەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە:** دارشتنی ئامانج بۆ هەرنەخشەیەك یان پرۆژەیەك یان پرۆگرامێك ، بە یەکەمین هەنگاو سەرەکی دادەنرێت ، کە پێویستە ڕەچاوی بکرێ وبەرهەمی کۆتایی هەرپرۆژیەکیش ئەوەیە ، کە تاچەند ئامانجەکەی بەدیهێناوە ، بە پێی پێوست و لەو ماوەیەی کە بۆی دانراوە ( عەزیز ، 2014 ، ل 231 ) . بە بۆچوونی توێژەر ئامانجی بەڕێوەبەری قوتابخانە بەشێوەیەکی گشتی خۆیی لە دوو ئامانجی سەرەکی دەبینێت ، کە کاریان لەسەردەکات بۆ بەدیهێنانیان ، بریتین لە مانەی خوارەوە : 1- ئامانجی بەشداریکردنە لە پرۆژەی جۆریەتی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و جۆریەتی دەرئەنجامەکان و پاڵپشتی وگرنگیدان وەك چاودێرێکی بەردەوام لە سەر بنەمای زانستی و لیهاتوویی و گەشەپێدانی سەرجەم بوارەکانی فێرکردن وفێربوون . 2- ئامانجی یارمەتیدانی دەستەی فێرکردن و پلاندانان و گەشەپێدانی پرۆگرامی پشەیی مامۆستایەتی بە پێی پسپۆری بابەتەکان بەئاراستەی جێبەجێکردنی ڕێنمایی و بەدیهێنانی ئامانجەکان لە قوتابخانە و پۆلدا .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3.1.2 بنەما و تایبەتمەندییەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە:

**1- پرۆســـەیەکی مرۆڤایەتیە** : بەڕێوەبەری قوتابخانە لەســـەر بنەمای ڕێزگرتن و ئاڵوگۆڕی هاوکارییە لەنێوان ســەرپەرشــتیار و ماموســتا و قوتابی وکەســانی تر دامەزراوە ، پێویســتە بەڕێوەبەری قوتابخانە پەیوەندی ومامەڵەکانی مرۆڤایەتی بێت لەرووی بوونی متمانە و کەشـــێکی ئارام وهێمن ولەســـەرخۆ وخۆگونجان و رازیبوون و لێبوردە بێت (وصوص و الجوارنة ،2018، ل30) .

2- **پرۆســـەیەکی ســـەرکردایەتیە** : بەڕێوەبەری قوتابخانە خاوەنی کەســـایەتیەکی بەهێز و بەتوانا و کاریگەرە ، هەروەها یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی کۆمەڵگە و دامەزراوەیی پەروەردە وفێرکردن بەگشـــتی ، بەرێوەبەری کاروچالاکیەکانی فێرکردن و فێربوونی قوتابخانەیە بە تایبەتی( ابو عزام ،2020 ، ل49)

3- **پرۆسەیەکی زانستییە** : بەرێوەبەری قوتابخانە پرۆسەیەکی زانستیە ، چونکە پێویستە بەردەوام بێ لەسەرگەڕان و بەدواداچوونی زانستی لە بواری پسپۆریەکەی خوێدا بۆ بەدیهێنانی بەردەوامی گەشەی زانســـتەکەی ، هەروەها پێویســـتە کرداری ئامادەکردنی بەردەوام بێ بۆ ئەوەی وەك بەرێوەبەرێکی پەروەردەیی بتوانێ لەگەڵ پێشکەوتنە نوێیەکاندا هەنگاو بنێ ، سەرەڕای پێشکەشکردنی لیکۆڵینەوەی نوێ وســوود وەرگرتن لە بڵاوکراو و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە نوێیەکان ، کە لە لایەن کەســانی شــارەزاو پسپۆر لە بواری پەروەردەو فێرکردن بڵاودەکرێنەوە ( عزیز ، 2014 ، ل 237 ).

**4- پرۆســـەیەکی بەردەوامە** : بەرێوەبەری قوتابخانە پرۆســـەیەکی بەردەوامە پەیوەندی بەکاتێکی دیاریکراو نیە ، بە گۆرینی کەســـەکانیش کۆتایی نایەت بەڵکو پرۆســـە دەگوازرێتەوە لە کەســـێکەوە بۆ کەسێکی تر( صالح ، 2018 ، ل24) ، بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە ، بەمەبەستی زاڵبوون بەسەرکێشەکان و باشـــترکردن و بەهێزکردنی لایەنە ئەرێنی بوارەکە و پاڵپشـــت وســـوودوەرگرتن لە چوارچێوەی ئامانجەکانی فێرکردن و فێربوون لای مامۆستا و قوتابیان ( محمد ، 2018 ، ل106) .

**5- پرۆسـەیەکی گشـتگیرە** : بەڕێوەبەری قوتابخانە پرۆسـەیەکی گشـتگیرە بەومانایەی لە ژێر رۆشـنایی چوارچێوەی گشـتی و ئامانجەکان ، کە لە لایەن کەسـانی پسـپۆرو شـارەزاو وبەرپرس لە سـیاسـەتی پەروەردە و فێرکردن دیاریکراوە ، وەك ئامرازێك بایەخ بە کۆی ئەو هۆکارانە دەدات ، کە کاریگەرییان لە

سەر پرۆسەی فێرکردن و فێربوونی کاریگەر هەیە لە چوارپێوەی ئامانجە گشتی و تایبەتی و بڕیارەکان ( وصوص و الجوارنة ، 2018 : ل 30 ) و ( البلوی ، 2011 : 14).

**6- پرۆســـەیەکی نەرمی نواندنە :** بەڕێوەبەری قوتابخانە پرۆســـەیەکی نەرمی نواندنە لە مامەڵەکردن و روون و ئاشـــکرا دا ، لە ماوە جیاوازەکانی پێشـــکەوتنی ئەم پرۆســـەیەدا ، بۆیە پێویســـتە بەڕێوەبەری قوتابخانە لە بەکارهێنانی پلان و تواناکانی نەرمی نواندنی تێدا بێت ، لەمامەڵەکردن لەگەڵ مامۆســـتا و قوتابی و ســـیســـتمە کارگێرییەکاندا ، چونکە کاری بەڕێوەبردن و ســـەرپەشـــتیاری خزمەتێکی هونەری هاوبەشـە ، لێکۆڵینەوە لەو هۆکارانە دەکات کە کاریگەریان لەسـەر بارودۆخی خوێندن هەیە بە ئامانجی کارکردن بۆ باشـــترکردنی هۆکارەکان و گەشـــە پێدانی دروســـت وخوازراو بە ئاراســـتەی قوتابیان وپێشکەوتنی پرۆسەی پەروەردەوفێرکردن بە هەموو ئاراستە جیاوازەکان ( محمد ، 2018 : ل 108 ) .

### 4.1.2 بوارەکانی فێربوونی کاریگەر :

**1- بواری مامۆســـتا :** ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەم بواردا ، گرنگی دەدات بە گەشـــەپێدان و تایبەتمەندی کەســـایەتی و توانا و کارامەیی و لێهاتوویی مامۆســـتا و چاودێرکردن بە پێی ئەو پێشـــکەوتن و گوڕانکاریانەی لە پرۆســـەکە هاتوونەتەکایەوە ، بە تایبەتی لە رووی ڕاهێنانی بەردەوام ودانانی پلان و دیاریکردنی ئامانجەکان و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پرۆگرام و ئاشناکردن بەکارهێنانی شێوازو ڕێگا و ستراتیژیەتی وانەگوتنەوە و چۆنیەتی گەیاندنی فێربوونی کاریگەر و زانینی کێشە و بەربەســـتەکان و دابینکردنی ئامرازەکانی فێرکردن گونجانیان لەگەڵ ناوەرۆکی بابەت و حەز و ئارەزووی مامۆســـتا و قوتابیان ، روونکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانیان بە شـــێوەیەکی بەردەوام ( وصوص و الجوارنة ، 2018 ل43 ) .

2- **بواری قوتابی :** ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە بوارەدا ، پێویســـتە وەك ســـەرپەرشـــتیارێکی پەروەردەیی چاودێری جێبەجێکردنی بنەماکانی پەروەردەی هاوچەرخ بکات ، پاڵپشـــت بە تیۆرەکانی دەروونزانی پەروەردەیی و ئەزموون وشـــارەزاییەکانی پێشـــووتر (دیاب ، 2001 ، ل 99 ) . هەروەها بەرێوەبەری قوتابخانە بە ئاراستەی سوود گەیاندن و دیاریکردنی کێشەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن و پێدانی ڕێنماییەکان و چۆنیەتی دابەشـــکردنی قوتابیان لە ناوپۆلدا بەشـــێوەیەکی زانســـتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وپۆلینکردنی قوتابیان بەتایبەتی ئەوانەی هێواش و لاوازن یان دەســتکەوتیان کەمە ، لەگەڵ ئەو قوتابیانەی بەهرەمەند و بەتوانان ، پێویســتە پلانێکی گونجاویش دابنرێت بۆ چارەســەرکردنی ئەو قوتابیانی کە ئاســتیان نزمە و بایەخیان پێ بدرێت بە ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکی بە پێی پێوەر و سیستەمێکی دیارکراو دوای کۆکردنەوەی زانیاریەکان ( الحبش ، 2002 ، ل 30 ) .

**3- بواری هەڵســەنگاندن** : ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەو بواردا ئەرکی هەڵســەنگاندن و بەدواداچوونی بەردەوام دەکات ، لە ڕێگای ئامرازەکان هەڵســەنگاندن بۆ لایەنە جیاوازەکانی ڕەگەزەکانی پەروەردە و فێرکردن ، بە تایبەتی لەکاتی ســەردانەکانی لە ناوپۆلدا ، هەڵســەنگاندن بۆ ئەرکەکانی مامۆســتا لە رووی جێبەجێکردنی پلان و دەســتکەوتی قوتابی و پرۆگرام و ژینگەی قوتابخانە و شــێواز ورێگا و ســتراتیژیەتی وانەگوتنەوە و هۆکارەکانی فێرکردن و ئەزموونەکانی تاقیکردنەوە بە شــێوازێکی ســەردەمیانە ، جێبەجێکردن لە ســەر بنەما و پێوەرێکی دیاریکراو ( قەرەچەتانی ، 2018 ، ل 29 ).

**4- بواری ســتراتیژیەتی ڕێگاکانی وانەگوتنەوە** : ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەم بواردا ئەرکی پێدانی زانیاریە لە بارەی گرنگی و هەڵبژاردنی شێواز و ڕێگا و ستراتێژیەتی وانەگوتنەوەی گونجاوە ، کە ئەمەش پێویســتی بەکارامەییەکی بەرز و توانایەکی تایبەتە ، ئەو زیاتر دەخوازێت ڕاهێنان بە مامۆســتایان بکرێت لەســەر بنەمای پلاندانان بۆ فێرکردن و دیاریکردنی ناوەرۆکی فێرکاری و ڕێکخســتن و بەکارهێنانی ڕێگای گونجاو بۆ گەیشــتن بە ئامانجە ڕەفتارییەکان وهەڵســەنگاندنی ئەنجامەکانی فێربوون ، لەگەڵ پێدانی تەکنیکی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارامەییەکانی وانەگوتنەوە بە ئاراســتەی ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی قوتابی و گونجانی لەگەڵ ئاســتی توانای مەعریفی و زانستی و ئامانج و قوناغی خوێندن و قۆناغی گەشەی قوتابیان ( حسین ، 2019 ، ل 14 ).

**5- بواری ڕاهێنان** : بەڕێوەبەری قوتابخانە ڕۆلێکی چالاك وكاریگەرە لە چاودێرێکردنی پرۆســەی بەڕێوەبردنی پرۆگرامی ڕاهێناندا ، چونکە ڕاهێنان تایبەتە بە هەمووارکردنەوەی ڕەفتاری ئەرێنی لە ڕووی کارامەیی زانیین و ویژدان و ڕەفتار و دەروونیەوە لە ســەر بنەمای زانســتی بە پێی پلانێکی

داڕێژراو و ڕێکخراو و بەردەوام ، کە تێدا زانیارییەکان دەگەیێنرێتە لای مامۆستا بە شێوازێکی پێشکەوتوو و کاریگەر ( ابوعزام ، 2001 ، ل 143 ) .

6- بواری پلانی وانەگوتنەوە : ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەم بوارەدا ، چاودێر و سەرپەرشتیارێکی کارای جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پلاندانانە لە ناو قوتابخانە بۆ ئەو چالاکیانەی بەرنامەی بۆ دارێژاوە ، بەتایبەتی بە ئاراستەی مامۆستا و قوتابیان ، چونکە پلاندانان بناغەی پرۆسەی وانەگوتنەوەیە و کاریگەری لەسەر پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دەبێت ، هەروەها گرنگە بۆ یارمەتیدانی مامۆستا لە دیاریکردنی ئامانجەکان و لە هەڵبژاردن و ڕێکخستنی چالاکی و ئامرازی فێرکاری و ڕێگای وانەگوتنەوەی گونجاو و دابەشکردنی ناوەرۆك و یەکەکانی بابەتەکە بە شێوەیەکی هاوسەنگ بەسەر وەرزەکانی ساڵ و مانگ و هەفتەو ڕۆژ و کات و وەرزەکانی خوێندندا ، لەگەڵ دیاریکردنی کاتی هەڵسەنگاندنەکان ( سیوەیلی ، 2017 ، ل 75 – 76 ) .

**7- بواری ئامرازەکانی فێرکردن وفێربوون** : ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەم بوارەدا دابینکردنی پێداویستیەکانەی فێرکردن و فێربوونە ، بەپێ پێویستی ناوەرۆکی بابەت وقۆناغەکانی خوێندن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندار و ڕاهێنانی مامۆستا لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی هۆکارەکان لەسەر بنەمای پسپۆری و شارەزایی لە سنوورێکی دیاریکراو . گرنگترین ئامرازەکانی فێربوونی کاریگەر جۆراجۆرن ، وەك : بۆرد ، کتێب ، نموونەی زیندوو ، نەخشە وێنەی فێرکاری ، گەشتی زانستی ، ڤیدیۆ ، ڕادیۆ ، ئۆڤەرهید پرۆجێکتەر ، داتاشۆ ، کۆمپیوتەر ، ئەنتەرنێت ، بەرنامەی تابلێت ومۆبایل ( محمد ، 2021 : ل 57 ).

**8- بواری پرۆگرام** : سەبارەت بە ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەوبواردا چاودێرە لە جێبەجێکردن و تەواوکردنی پرۆگرام بە شێوەیەکی سەرەکی و لە ماوەی سەردان و چاوپێکەوتنەکان و هاوکاری مامۆستایە لە دیاریکردنی کێشە و کەم وکورییەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکان و جێبەجکردنی ئەرکەکان پرۆگرام ، گونجاندنیان لەگەڵ شێواز و ڕێگا و ستراتیژیەتی وانەگوتنەوە ، بە پێی حەزوئارەزوو و پێداویستی و تێگەیشتنی قوتابی و کۆمەڵگا و گرنگی دان بە لایەنی هەستی نەتەوایەتی و پەروەردەی کۆمەلایەتی بە گیانێکی سەردەمیانە ، هەروەها لە هەڵسەنگاندنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان پرۆگرام ولایەنی ویژدانی و ڕەفتاری چاودێرێکی بەردەوام دەبێت بۆ دڵنیابوون لە

ڕاهێنانی قوتابی لە کاتی گونجاو و دەرکەوتنی ئەزموون و چالاکیەکان لە کاتی جێبەجێکردندا (خضر ، 2011 ، ل 41 ) .

2.2 **توێژینەوەکانی پێشوو:** لەم تەوەرەدا چەند توێژینەوەیەك دەخرێتە ڕوو ، کەنزیکن لە توێژینەوەکە لەرووی گۆڕاو و ئەنجامەکان .

1.2.2 توێژینەوەی ( الطعانی ، 2012 ) بە ناونیشانی ( پلەی بەجێهێنانی بەڕێوەبەری قوتابخانە بۆ ئەرکی سەرپەرشتیاری لە ڕوانگەی مامۆستایانی وڵاتی ئوردن ) . ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بووە لە زانینی پلەی بەڕێوەبەری قوتابخانە بۆ ئەرکی سەرپەرشتیاری لە ماوەی جێبەجێکردن لە قوتابخانەکانی وڵاتی ئوردن ، نموونەی توێژینەوەکەی بریتی بووە لە ( 201) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەزی ( نێر و مێ ) ، ڕێبازی وەسفی بەکارهێناوە ، ئامرازی توێژینەوکەی پێکهاتووە لە فۆڕمێکی ڕاپرسی ( 34) برگە لە خۆدەگرێت ،دابەشکراوە بۆ چوار بوارلەوانە ( گەشەپێدانی پیشەی مامۆستا ، پلاندانان ، پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ، گەشەپێدانی پرۆگرام ) ، لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەی کە توێژەر پێگەیشتووە ، پلەی بەڕێوەبەری قوتابخانە وەك سەرپەرشتاریکی قوتابخانە لە ئاستێکی ناوەندا بووە ، بە پێی پرسیاری گریمانەکان لە ڕوانگەی گۆڕاوی ڕەگەزی جیاوازی بەهادای ئاماری نەبووە ، بەڵام لە ڕوانگەی گۆڕاوی بڕوانامە و ساڵانی خزمەت جیاوازی بەهاداری بووە ، لە کۆتایدا حکومەتی ئوردنی ڕاسپاردووە ، پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان خوولی ڕاهێنانیان بۆ بکرێتەوە پەیوەندی بە شیکردنەوە و گەشەپێدانی پرۆگرام بێت .

2.2.2 توێژنەوەی ( الفارس ، 2017 ) بە ناونیشانی ( ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە وەك سەرپەرشتیارێکی نیشتەجێ لە کاراکردنی ستراتیژیەتی فێربوونی چالاك لە ڕوانگەی مامۆستایانی وڵاتی کویت ) . ئامانجی توێژینەوەکەی بریتی بووە لە زانینی ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە وەك سەرپەرشتیاریکی نیشتەجێ لە کاراکردنی ستراتیژیەتی وانەگوتنەوە لە ڕوانگەی مامۆستایانی وڵاتی کویت بە پێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەزی ، بڕوانامە ، ساڵانی خزمەت و قوناغی خوێندن ) ، توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێبازی وەسفی بەکارهێناوە ، ئامرازی توێژینەوکەی پێکهاتووە لە فۆڕمێکی ڕاپرسی ( 33) برگە لە خۆدەگرێت ،دابەشکراوە بۆ سێ بوار لەوانە ( هەڵسەنگاندن ، پلاندانان ، جێبەجێکردن ) ، نموونەی کۆمەڵگای توێژنەوەکەی پێکهاتووە لە ( 560 ) مامۆستا لە هەردوو

ڕەگەزی( نێر و مێ ) ، لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەی کە توێژەر پێگەیشتووە ، بەڕێوەبەری قوتابخانە وەك سەرپەرشتاریکی نیشتەجێ لە کاراکردنی ستراتیژیەتی فێربوونی چالاك لە ئاستێکی بەرزدایە ، بەڵام ئەنجامەکان بە پێی پرسیاری گریمانەکان جیاوازی بەهاداری ئاماری نەبووە بە پێی گۆڕاوی ( ڕەگەزی ، بڕوانامە ) ، جگە لە گۆڕاوی ساڵانی خزمەت لە نێو بوارەکان بواری هەڵسەنگاندن بەهاداری ئاماری بووە لە بەرژەوەندی ساڵانی خزمەت ( 5 – 10 ) ، هەروەها بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن جیاوازی بەهاداری ئاماری نەبووە لە ڕوانگەی نموونەی توێژینەوەکە ، جگە لە بواری پلاندانان نەبێت لە نێو بوارەکان ، جیاوازی بەهاداری ئاماری بووە ، لە بەرژوەندی قۆناغی بنەرەتیدا ، لە کوتایشدا توێژەر چەند ڕاسپاردەیەکی خستووتە روو لەوانە ، پێویستە بەڕێوەبەرەکان خولی ڕاهێنانیان بۆ بکرێتەوە بە تایبەتی لە رووی هەلسەنگاندن و پلادانان و دابین کردنی ئامرازەکانی فێرکردن و بنیاتنانی ژینگەیەکی لەبار بۆ فێربوونی چالاك .

## بەشی سێیەم

## 3. ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

**1.3 میتۆدی توێژینەوەکە:** توێژەر لە توێژینەوەکە مێتۆدی وەسفی بەکارهێناوە ، چونکە گونجاوە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ڕاستیەکان وەکو ئەوەی هەیە ، بە پشت بەستن بە کۆکردنەوەی داتا لەسەر بابەتی لێکۆڵراو ( جابر و کاظم ، 1992, ل 134 ).

2.3 **کۆمەڵگەی توێژینەوەکە** : کۆمەڵگە بە یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی توێژینەوە دادەنرێت، کە پێکدێت لە سەرجەم لایەنە دیارەکانی ئەو توێژینەوەیە ، کە توێژەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەکە ( ملحم ، 2005 ، ل149 ) ، کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێك دێت لە سەرجەم مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتی لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر ، کە ژمارەیان ( 929 )مامۆستایە ، پێکهاتەی ڕەگەزی (نێر) ژمارەیان گەیشتۆتە ( 259) بە ڕێژەی ( 27.8 ) ، بەڵام پێکهاتەی ڕەگەزی (مێ) ژمارەیان گەیشتۆتە (670) بە ڕێژەی ( 72.2) ، دابەشکراون بەسەر (260) قوتابخانە ، بۆ ساڵی خوێندنی ( 2021-2022) ، لە پەروەردەی ناوەندی هەولێردا ( بۆکانی ، 2020 ، ل 110) . کە خشتەی ( 1-3 ) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ( 3-1 ): ڕوونکردنەوەی کۆمەلگەی توێژینەوە بە پێی جیاوازی ڕەگەز و ژمارە و ڕێژە

| کۆمەڵگە | ژمارە | ڕێژە % |
|---|---|---|
| مامۆستای نێر | 259 | %27.8 |
| مامۆستای مێ | 670 | %72.2 |
| کۆی | 929 | %100 |

سەرچاوەی کاری توێژەر : وەزارەتی پەروەردە ، بەشی پلاندانان ، بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر .

3.3 **نموونەی توێژینەوەکە :** نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ( 172 ) بە ڕێژەی ( 18،5 %) لە کۆی کۆمەڵگای نموونەی توێژینەوەکە ، کە مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتی لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر لە خۆدەگرێت ، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە کۆمەڵگەکە هەڵبژێردروان ، بۆ ڕەگەزی (نێر) ژمارەیان گەیشتۆتە (66) مامۆستا بە ڕێژەی ( 38،4 %) ، بەڵام بۆ ڕەگەزی (مێ) ژمارەیان گەیشتۆتە (106) مامۆستا بەڕێژەی ( 61،6%) بەشدارن ، کە لە خشتەی ( 3-2) ڕوونکراوەتەوە .

خشتەی ژمارە ( 3 – 2): خشتەی ڕوونکردنەوەی نموونەی توێژینەوەی وەرگیراو بە پێی و ژمارە ورێژە و جیاوازی ڕەگەزی

| گۆڕاوەکان | ژمارە | نموونەی وەرگیراوی کۆمەڵگە بەڕێژە | | |
|---|---|---|---|---|
| نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوە | 172 | %18.5 | | |
| ژمارە و ڕێژەی جیاوازی ڕەگەزی | ڕەگەز | | | |
| | مامۆستای نێر | ڕێژە % | مامۆستای مێ | ڕێژە% |
| | 66 | %38،4 | 106 | %61،6 |

سەرچاوەی کاری توێژەر : وەزارەتی پەروەردە ، بەشی پلاندانان ، بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر.

سەبارەت بە گۆڕاوی هەڵگرانی بڕوانامەی مامۆستایان لە ڕووی ڕگەزییەوە ، کە لەخشتەی ژمارە ( 3-3) خراوەتە ڕوو .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە ( 3 – 3): روونکردنەوەی خشتەی گۆڕاوی هەڵگرانی بڕوانامە مامۆستا و جیاوازی ڕەگەزی

| نموونەی کۆمەڵگە | گۆڕاوی بڕوانامە | ڕەگەزی نێر | | ڕەگەزی مێ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە% | ژمارە | ڕێژە % |
| 172 | دبلۆم | 23 | %13.3 | 40 | %23.2 |
| | بەکالۆریۆس | 43 | %25 | 66 | %38.3 |
| | کۆی | 66 | %38.3 | 106 | %61.5 |

سەرچاوەی کاری توێژەر : وەزارەتی پەروەردە ، بەشی پلاندانان ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر

**لە ڕوانگەی خشتەی ژمارە ( 3 – 3) ، لە سەر ئاستی گۆڕاوی هەڵگرانی دبلۆم و بەکالۆریۆس بۆ ڕەگەزی (نێر)** ، لە کۆی نموونەی وەرگیراو ، ڕەگەزی نێر لەسەر ئاستی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم ژمارەیان گەیشتۆوتە (23) مامۆستا بە ڕێژەی ( 13.3 %) ، بەڵام لەسەر ئاستی هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس ژمارەیان گەیشتوتە (43) مامۆستا بە ڕێژەی (25% ) ، کۆی دەکاتە (66) مامۆستا بە ڕێژەی ( 38.4%) ، **هەروەها لەسەر ئاستی گۆڕاوی هەڵگرانی دبلۆم و بەکالۆریۆس ڕەگەزی ( مێ )** لە کۆی نموونەی وەرگیراو ، لە ڕووی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم ژمارەیان گەیشتۆتە (40) مامۆستا بە ڕێژەی (23.2% ) ، بەڵام لەسەر ئاستی هەڵگرانی بەکالۆریۆس ژمارەیان گەیشتۆتە ( 66 ) مامۆستا بە ڕێژەی ( 38.3% ) . کۆی دەکاتە ( 106 ) مامۆستا بە ڕێژەی ( 61.6%)

**بەڵام لەسەر ئاستی گۆڕاوی هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر** لە ئەنجامی وەڵامدانەوە فۆڕمی ڕاپرسییەکان ، هیچ فۆڕمێك لەو ئاستەدا بوونی نەبوو .

هەروەها سەبارەت بە گۆڕاوی ئاستی ساڵانی خزمەت و جیاوازی ڕەگەزی بە وردی بەپێ ژمارە و ڕێژە و جیاوازی نموونەی بەشدار بوو ، کە لە خشتەی ژمارە ( 4-3 ) روونکراوەتەوە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە ( 3 – 4) : ساڵانی خزمەت و ژمارە و ڕێژە و جیاوازی ڕەگەزی نموونەی بەشداربوو

| ساڵانی خزمەت | ژمارە | ڕێژە % | نێر | ڕێژە % | مێ | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە 5 ساڵ | - | - | - | - | - | - |
| 6بۆ 10 ساڵ | 39 | % 22.6 | 11 | %6.3 | 28 | %16.2 |
| 11 ساڵ زیاتر | 133 | %77.4 | 55 | %32.2 | 78 | %45.3 |
| | 172 | % 100 | 66 | %38.5 | 106 | % 61، 5 |

سەرچاوەی کاری توێژەر : وەزارەتی پەروەردە ، بەشی پلاندانان ، بەڕیوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر.

**سەبارەت بە ئاستی ساڵانی خزمەت** لە سێ گۆڕاو پێکهاتووە ، ئەوانیش بریتین لەمانە ، گۆڕاوی( 5 ساڵ کەمتر ) ، (6 بۆ 10 ساڵ) ، (11 ساڵ زیاتر ) ، گروپی (5 ) ساڵ کەمتر ، کە هیچ فۆرمێکی ڕاپرسی بۆ وەرگرتنی وەڵامەکان لەو گروپە بەردەست نەبوو ، بەڵام گروپی( 6 بۆ 10 ساڵ) ژمارەیان گەیشتۆتە ( 39 ) مامۆستا بە ڕێژەی ( %22.6 ) ، هەروەها گروپی (11 ساڵ زیاتر) ژمارەیان گەیشتۆتە(133) مامۆستا بە ڕێژەی ( %77.4) ، **لەسەر ئاستی ڕەگەزی ساڵانی خزمەت ، بۆ ئاستی ڕەگەزی ( نێر )** بۆ گروپی( 6 بۆ 10ساڵ )ژمارەیان گەیشتۆتە ( 11 ) مامۆستا بە ڕێژەی ( 6.3 % ) ، بەڵام بۆ گروپی (11 ساڵ زیاتر) ژمارەیان گەیشتۆتە ( 55 ) مامۆستا بە ڕێژەی ( %32.2 ) . **بۆ ئاستی ڕەگەزی ( مێ ) ساڵانی خزمەت** بۆ گۆڕاوی ( 6 بۆ 10 ساڵ) ژمارەیان گەیشتۆتە ( 28 ) مامۆستا بە ڕێژەی ( 16.2 % ) ، هەروەها بۆ گۆڕاوی (11 ساڵ زیاتر) ژمارەیان گەیشتۆتە ( 78) مامۆستا بە ڕێژەی ( %45.3) .

**4.3 ئامرازی توێژینەوەکە :** توێژەر وەك بەشێك لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە ، هەڵساوە بە ئامادەکردنی پێوەرێکی زانستی دوای گەڕان وپشکنین بەناو سەرچاوەکان نزیك لە بابەتی ( ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا ) لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر ، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر پشتی بە پێیوەر و فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکانی پێشوو بەستووە ، لەوانە توێژینەوەکانی (ابو شملة ، 2009) ، ( حسن ، 2019 ) ، ( فارس ، 2017) ، ( الطعانی ،2012) ، ( باحویرث ، 2014 ) ، ( عارف ، 2019 ) و ( امبیض ، 2014 ) ، وەرگیراوە ، فۆرمی ڕاپرسی ئامادەکراو پێکهاتووە لە ( 7 )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوار تایبەت بە بوارەکانی فێربوونی کاریگەر ، پێکهاتووە لە ( 60 ) برگە ، بۆ هەر برگەیەك پلەیەك دانراوە بە پێی پێوەری ( likert scale ) ( زۆر هاوڕانیم ، هاوڕانیم ، نازانم ، هاوڕام ، زۆر هاوڕام ) ، کە هاوشـــانی ژمارەکانی ( 1 ، 2 ، 3 ، 4 ، 5 ) ، لەگەڵ زانیارییە کەسـیەکان . لە خشـتـەی ( 3- 5 ) روونکراوەتەوە

خشتەی ژمارە ( 3 – 5): بوارەکانی فۆرمی ڕاپرسیەکە بە پێی ژمارەی بڕگەکان

| ژمارە | بوارەکانی فێربوونی کاریگەر | بڕگەکان | ژمارەی برگە |
|---|---|---|---|
| 1 | بواری هەڵسەنگاندن | 10 – 1 | 10 |
| 2 | بواریستراتیژیەتی وانەگوتنەوە | 20 – 11 | 10 |
| 3 | بواری ڕاهێنان | 29 – 21 | 9 |
| 4 | بواری پلانی وانەگوتنەوە | 38 –30 | 9 |
| 5 | بواری ئامرازەکانی فێرکردن | 47 –39 | 8 |
| 6 | بواری پرۆگرام | 54 – 48 | 7 |
| 7 | بوارپیەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان | 60 – 55 | 6 |
| کۆی برگە | | | 60 |

### 5.3 هەنگاوەکانی ڕاستی و جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە

### 1.5.3 ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە (شارەزایان ):

یـەکێك لـە مەرجـەکانی برگـەی ڕاپرسـی ئەوەیـە ڕاسـتی دروسـتی بـۆ بکرێـت ، تـوێژەر دوای ئامـادەکردنی فـۆرمی ڕاپرسـیەکە و برگـەکان ، بـە مەبەسـتی دڵنیـابوون لـە ڕاسـتی و ڕواڵـەتی دابەشـیکرد بەسـەر ژمارەیـەك لـە شـارەزایان و پسـپۆڕانی بـواری پـەروەردە و ڕێگاکـانی وانەگوتنـەوە و دەروونناسـان ، کـە ژمارەیـان ( 7 ) پسـپۆڕ بـوون ، لـە کـۆلیژی پـەروەردە و پـەروەردەی بنـەڕەتی و پـەروەردەی جەسـتەیی و زانسـتە وەرزشـیەکان ، دوای گەڕانـەوەی برگـەکان شـارەزایان بـە زۆرینـە برگـەکانی ڕاپرسـیەکەیان پەسـند کـرد بـە ڕێـژەی ( 84% ) (قەرەچـەتانی ، 2018 ، 122- 123 ) ، جگـە هـەموارکردنی چەنـد برگەیـەك نـەبێت ، ژمـارەی برگـەکان ( 60) برگـە بـە شـێوەیەکی کۆتـایی وەکـو خـۆی مایـەوە ، لێـرەدا بۆمـان دەرکـەوت پێوەرەکەمان ڕاسگۆییە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2.5.3 جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی جێگیری بۆ نموونەی ئامرازی توێژینەوە:** مەبەسـت لەم جۆرە بەڵگەی کرداری و تاقیکردنەوەیە ئەوەیە کە ئامرازی ڕۆڵی بەڕیوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر دەپیورێت ، کە لە بنچینەدا بۆ پیوانەکردن ئامادەکراوە ( بۆکانی ، 2020، ل 159 ) . پێوەرەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (60) برگە دابەشـکراوە بەسـەر (7) بوار ، توێژەر لە هەنگاوی یەکەم پێوەری توێژینەوەکەی بە شـێوازی تاقیکردنەوە بە سـەر (30 ) مامۆسـتا جێبەجێکرد ، دوای تێپەڕ بوونی (12) ڕۆژ بەسـەر جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی یەکەم ، دووبارە لە هەنگاوی دووەم تاقیکرانەوە لەسـەر هەمان نموونەی سـەرەوە ( قەرەچەتانی ، 2018 ، ل 132 ) ، دواتر پەیوەندی لە نێوان دەرئەنجامی ناوەندی ژمێرەی ( نمرەکانی ) یەکەم و دووەم دۆزرانەوە ، لە ڕێگای بەکارهێنانی هاوکێشـەی ( Test–Retest-Reliability analaysis ) ( بۆتانی ، 2014 ، ل 173 ) ، لە ئەنجامدا جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی یەکەم ناوەندی ژمێرەی نمرەکەی گەیشتۆتە (3.82) بەلادانی پێوانەیی ( 7.14 ) و جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی دووەم ناوەندی ژمێری نمرەکەی گەیشـتۆتە ( 3.79) بەلادانی پێوانەیی ( 3.19 ) ، هەروەها بەهای هاوکۆڵکەی جێگیری پیرسۆن یەکسان بوو (.803**) ، کە نزیکە لە ( 1 ) بە یاسای هاوکێشەی پیرسۆن ، لە بەرنامەی ( spss) ، کەواتە پەیوەندییەکی بەهێز و جێگیر لە نێوان جێبەجێکردنی هەردوو تاقیکردنەوەکەدا هەیە . چونکە نرخی ئەگەری (0.00) بچووکترە لە ئاسـتی بەڵگەداری ئاماری ( 0.05 ) ، ئەمەش بەڵگەی بەهاداری ئاماری نیشـاندەدات ، مانای جێگیری پێوەرەکە دەردەخات لە نێوان هەردوو نموونەی تاقیکردنەوەکەدا ، هەر وەکو لە خشتەی ( 3-6 ) ڕوونکراوەتەوە .

خشتەی ژمارە ( 3 – 6 ): خشتەی ئەنجامی تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم بۆ دۆزینەوەی بەهای هاوکۆڵکەی جێگیری پێرسۆن

| تاقیکردنەوە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | بەهای هاوکۆڵکەی جێگیری پێرسۆن | نرخی ئەگەر ( sig ) |
|---|---|---|---|---|
| تاقیکردنەوەی یەکەم | 3.82 | 7.14 | .803** | ( 0.000) |
| تاقیکردنەوەی دووەم | 3.79 | 3.19 | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە هاوکۆڵکەی جێگیری ئامرازەکە بەگشتی بۆ سەرجەم بوارەکانی توێژینەوەکە ، توێژەر هاوکێشەی هاوکۆڵکەی (پیرسۆن Pearson) لە بەرنامەی ( spss) بەکارهێناوە ، بەهای هاوکۆڵکەی پەیوەندی جێگیری لە نێوان سەرجەم بوارەکان لە ئاستێکی بەهێزدایە ، یەکسانە بەو ژمارانەی کە لە خشتەکە ئاماژە بۆ بوارەکان کراوە ، بۆ سەرجەم بوارەکان دەگەڕێتەوە بۆ بچووکی نرخی ئەگەری ( 0.00 ) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( 0.05 ) . کەواتە پەیوەندی جێگیری بوارەکان پەیوەندییەکی بەهێزی بەهاداری ئامارییە . کە لە خشتەی ( 3 – 7 ) ڕوونکراوەتەوە

خشتەی ژمارە ( 3 – 7 ): بەهای هاوکۆڵکەی پەیوەندی جێگیری ئامرازەکە بەگشتی و سەرجەم بواری توێژینەوەکە

| بوارەکان | | بواری ستراتیژیەتی وانە گوتنەوە | بواری راهێنان | بواری پلانی وانەگوتنەوە | بواری ئامرازەکانی فێرکردن | بواری پرۆگرام | بواری پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بواری هەڵسەنگاندن | 1 | .761** | .810** | .808** | .890** | .867** | .829** |
| بواری ستراتیژیەتی وانە گوتنەوە | .761** | 1 | | | | | |
| بواری راهێنان | .808** | .818** | 1 | | | | |
| بواری پلانی وانەگوتنەوە | .830** | .734** | .870** | 1 | | | |
| بواری ئامرازەکانی فێرکردن | .890** | .764** | .820** | .902** | 1 | | |
| بواری پرۆگرام | .867** | .751** | .830** | .831** | .889** | 1 | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بـــــــــواری پەیوەنییـــــــە مرۆڤاییەتیـــەکان | .829** | .748** | .768** | .768** | .900** | .876** | 1 |
| نرخی ئەگەری | 0.000 | 0.000 | 0.000 | 0.000 | 0.000 | 0.000 | |
| نموونە | 30 | | | | | | |

*ئاستی بەلگەداری ئاماری ( 0.05)

### 3.5.3 جێگیری ( ئەلفاکرۆنباخ ) بۆ ئامرازی توێژینەوەکە :

توێژەر دوای تەواو بوونی ڕاســـتی و جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە ، بۆ دڵنیابوون لە ئاســـتی پێوەری توێژینەوەکە و بەر لە جێبەجێکردن بەسەر نموونەی توێژینەوە کە ، هاوکێشەی (الفا كرونباخ) ی بەکارهێناوە لە ڕێگای بەرنامەی ( spss ) بۆ ســـەرجەم بڕگەکان ، کۆی گشـــتی ڕێژەکەی گەیشـــتۆتە (0.983) ، بەو نمرەیە بۆمان دەردەکەوێت ، کە پێوەرەکەمان جێگیرە ، چونکە لە ئاســـتی بەڵگەداری ئاماری ( 0.05 ) ئەلفاکرۆنباخ گەورەترە ، ڕێژەی گشتی نمرەی سەرجەم بوارەکان بە پێی هاوکێشەی (ئەلفاکرونباخ) لە خشتەی ژمارە (3 – 7 ) ڕوونکراوەتەوە

خشتەی ژمارە (3 – 7 ): خشتەی ڕێژەی گشتی نمرەی سەرجەم بوارەکان بە پێی هاوکێشەی (ئەلفاکرونباخ)

| بوار | ناوی بوارەکان | بڕگەکان | ئەلفاکرۆنباخ |
|---|---|---|---|
| 1 | بواری هەڵسەنگاندن | 10 – 1 | 0.960 |
| 2 | بواری ستراتیژیەتی وانەگوتنەوە | 20 – 11 | 0.968 |
| 3 | بواری ڕاهێنان | 29 – 21 | 0.963 |
| 4 | بواری پلانی وانەگوتنەوە | 38 – 30 | 0.964 |
| 5 | بواری ئامرازەکانی فێرکردن | 47 – 39 | 0.959 |
| 6 | بواری پرۆگرام | 54 – 48 | 0.961 |
| 7 | بواری پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان | 60 – 55 | 0.965 |
| کۆی | | | 0.962 |

**6.3 شـــێوازە ئامارییەکان :** توێژەر بۆ دەرخســـتنی ئەنجام و شـــیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەرنامەی کۆمپیوتەری ( spss ) بەکارهێناوە

1- بەرنامەی (test.retest.reliability analaysis ) بۆ دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی یەکە م و دووەم لەسەر نموونەی توێژینەوەکە .

2- بەرنامەی بەهای هاوکۆڵکەی پەیوەندی جێگیری پێرســۆن ( bivariate ← correlate) بۆ سەرجەم بوارەکان .

3- بەرنامەی ( sample one t.test) دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی بۆ یەك گۆڕاوی سەربەخۆ .

4- بەرنامەی ( t.test.independent samples) بۆدۆزینەوە و بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی بۆ دوو گۆڕاوی سەربەخۆ . ( بۆتانی ، 2014، ل 133-135)

## بەشی چوارەم

## 1.4 خستنەرووی ئەنجامی توێژینەوەکە و گفتۆگۆکردنیان

**1.1.4 ئەنجامی پرســیاری یەکەم :** ئایا بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر لە ڕوانگەی مامۆســتایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا ) لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر ، ڕۆڵەکەی لە چ ئاستێکدایە ؟

توێژەر هاوکێشــەی ( t.test one sample ) لە بەرنامەی ( spss )ی بەکارهێناوە بۆ دەرخســتنی ئەنجامی گشتی سەرجەم بوارەکان ، کە لەخشتەی ژمارە (4- 1 ) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە ( 4 – 1 ): نمرەی گشتی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی و کێشی سەدی هاوڕابوون و پلە و ئاستی هاوڕابوون

| بوارەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | کێشی سەدی هاوڕابوو% | پلە | ئاستی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|
| بواری هەڵسەنگاندن | 3.77 | 0.910 | %74.48 | 6 | بەرز |
| بواری ستراتیژیەتی وانەگوتنەوە | 3.65 | 0.916 | %72.95 | 7 | بەرز |
| بواری ڕاهێنان | 3.79 | 0.978 | %75.71 | 5 | بەرز |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بواری پلانی وانەگوتنەوە | 3.94 | 0.996 | %78.79 | 2 | بەرز |
| بواری ئامرازەکانی فێرکردن | 3.86 | 1.00 | %77.26 | 3 | بەرز |
| بواری پرۆگرام | 3.83 | 0.948 | %76.69 | 4 | بەرز |
| بواری پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان | 3.95 | 0.986 | %79.07 | 1 | بەرز |

لە خشـــتەی ژمارە ( 4 – 1 ) بە پێی زانیارییە ئامارییەکان کە تایبەت بە بوارەکانی فێربوونی کاریگەر ، کە لە (7) بوار پێکهاتووە ، ئەگەر ســەرنج بدەین ســەرجەم بوارەکان ناوەندی ژمێرەییان لە ســـەرووی نمری ( 3 ) دایە ، بواری هەڵســـەنگاندن بەهای ناوەندی ژمێرەیی ڕێژەکەی گەیشـــتۆتە ( 3.77) ، بە لادانی پێوانە ( 910. ) ، هەروەها کیشی سەدی ڕێژەی هاوڕابوون گەیشتۆتە ( 74.48%) ، بە پلەی ( 6) دێت ، لە ئاستێکی بەرزدایە . بواری ستراتیژیەتی وانەگوتنەوە بەهای ناوەندی ژمێرەیی ڕێژەکەی گەیشـــتۆتە ( 3.65%) ، بە لادانی پێوانە ( 0.916) ، هەروەها کیشـــی ســـەدی ڕێژەی هاوڕابوون گەیشـــتۆتە ( 72.95) ، بە پلە ( 7) دێت ، لە ئاســـتێکی بەرزدایە. بواری ڕاهینان بەهای ناوەندی ژمێرەیی ڕێژەکەی گەیشتۆتە ( 3.79) ، بە لادانی پێوانە ( 0.978) ، هەروەها کیشی سەدی ڕێژەی هاوڕابوون گەیشـتۆتە ( 75.71% ) ، بە پلەی ( 5) دێت، لە ئاسـتێکی بەرزدایە. بواری پلانی وانەگوتنەوە بەهای ناوەندی ژمێرەیی ڕێژەکەی گەیشـــتۆتە ( 3.94) ، بە لادانی پێوانە ( 0.996) ، هەروەها کیشـی سـەدی ڕێژەی هاوڕابوون گەیشـتۆتە (78.79%) ، بە پلەی (2) دێت ، لە ئاسـتێکی بەرزدایە . بواری ئامرازەکانی فێرکردن بەهای ناوەندی ژمێرەیی ڕێژەکەی گەیشـــتۆتە ( 3.86) ، بە لادانی پێوانە ( 1.00) ، هەروەها کیشی سەدی ڕێژەی هاوڕابوون گەیشتۆتە (77.26) ، بە پلەی (3) دێت، لە ئاسـتێکی بەرزدایە. بواری پرۆگرام بەهای ناوەندی ژمێرەیی ڕێژەکەی گەیشـتۆتە ( 3.83) ، بە لادانی پێوانە ( 0.948) ، هەروەها کیشـــی ســـەدی ڕێژەی هاوڕابوون گەیشـــتۆتە ( 76.69) ، بە پلەی (4) دێت، لە ئاســـتێکی بەرزدایە. بواری پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان بەهای ناوەندی ژمێرەیی ڕێژەکەی گەیشتۆتە (3.95) ، بە لادانی پێوانە ( 0.986) ، هەروەها کیشی سەدی ڕێژەی هاوڕابوون گەیشـــتۆتە ( 79.07) ، بە پلەی ( 1) دێت، لە ئاســـتێکی بەرزدایە ، کەواتە بە پێی ڕوانگەی مامۆسـتایانی بابەتی کۆمەڵایەتی بۆ ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی سـەرجەم بوارەکان لە ئاستێکی بەرزدایە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێردا ئەگەر بەراورد بکرێت لە نێوان سەرجەم بوارەکان، بەرزترین بواری پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانە ، بە پلەی یەکەم دێت ، بە تێکڕایی ناوەندی ژمێرەیی ڕێژەکەی گەیشتۆتە ( 3.95 ) ، بەلادانی پێوانەیی ( 0.986) ، کیشی سەدی هاوڕابوون ڕێژەکەی گەیشتۆتە ( 79.07 ) ، بەڵام نزمترین بوار ، بواری ستراتیژیەتی وانەگوتنەوەیە تێکڕایی ناوەندی ژمێرەیی ڕێژەکەی گەیشتۆتە ( 3.65 ) ، بەلادانی پێوانەیی ( 0.916) ، کیشی سەدی هاورابوون ڕێژەکەی گەیشتۆتە ( 72.95) بە پلەی حەفتەم دێت .

## 2.4 ئەنجامی گشتی پەیوەندار بە پرسیاری گریمانەی توێژینەوەکە :

توێژەر بۆ دەرخستنی ئەنجامی گریمانەی توێژینەوەکە (T.Test independent samples ) بەرنامەی (spss ) ی بەکارهێناوە ، بۆ دەرهینانی ناوەندی ژمێری و لادانی پێوانەیی و نرخی ئەگەری بۆ سەرجەم بوارەکان ،لە ڕوانگەی بۆچوونی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بۆ دوو گۆڕاوی سەربەخۆ .

**1.2.4 گریمانەی یەکەم :** جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05 ≥ a ) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی بۆ خەملاندنی نموونەی تاکەکانی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز ( نێر ، مێ ) بۆ ( ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا ) . کە لە خشتەی ژمارە ( 4 – 2 ) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە ( 4 – 2): نمرەی گشتی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوانەی وبەهای ( T ) و نرخی ئەگەری ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەگەیاندنی فێربوونی کاریگەر لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا ) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی ( نێر و مێ )

| ڕەگەز | | نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | بەهای T | نرخی ئەگەری | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرەی گشتی | نێر | 66 | 3.73 | 0.465 | .780 | 0.077 | بەڵگەداری نیە |
| | مێ | 106 | 3.85 | 0.417 | | | |

ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( 0.01) ئاستی بەلگەداری ئاماری ( 0.05)

بە پێی ئەنجامی زانیارییە ئامارییەکان کە لە خشتەی ( 4 - 2 ) دەردەکەوێت ، نمرەی گشتی ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی ( نێر) بەهای ڕێژەکەی گەیشتوتە ( 3.73) بەلادانی پێوانەیی ( 465.) لە بەرامبەردا نمرەی گشتی ڕەگەزی ( مێ) بەهای ڕێژەکەی گەیشتۆتە ( 3.85) بە لادانی پێوانەیی ( 4.17) هەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەك ئەنجامی بەهای (T ) گەیشتۆتە (.780) بە بەهای نرخی ئەگەری ( 0.078) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( 0.05) ، سەرەڕای جیاوازی لە ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی بەڵام نەگەیشتۆتە ئاستی جیاوازی ئاماژەداری ئاماری لە نێوانیاندا ، کەواتە بەهاداری ئاماری نیە ، بۆیە گریمانەی (H0 ) سفری پەسند دەکەین ، گریمانەی (H1 ) پەسند ناکەین ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆڕاوەکانی (نێرو و مێ )ی نموونەی توێژینەوەکە کاریگەری نیە بۆسەرجەم بوارەکانی فێربوونی کاریگەر ، بەڕادەیەك بۆچوونیان لە یەکترەوە نزیکن و جیاوازیان نیە ، بۆیە هەست بە ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە دەکەن لە گەیاندنی سەرجەم بواری فێربوونی کاریگەر بە ئاراستەی مامۆستایان . بۆیە توێژەر گریمانەی خۆیی پەسند دەکات ، کە جیاوازی نیە لە ئاستی بەهاداری ئاماری ئاماری ($a \leq 0.05$ ) لە نێوان هەردوو ڕەگەز بەشێوەکی گشتی .بەڵام بواری ( ستراتیژیەتی وانەگوتنەوە و ڕاهێنان ) لە نیو بوارەکان لە ڕوانگەی ڕەگەزی ، بەهاداری ئاماری بوون ، جیاوازی بۆچوون لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا هەبووە ، پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانە ، لە ڕوانگەی ئەم ئەنجامە گرنگی زیاتر بەو بوارانە بدات لە چالاککردنی فێربوونی کاریگەر .

**2.2.4 گریمانەی دووەم :** جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری($0.05 \geq$ a ) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی بۆ خەملاندنی نموونەی تاکەکانی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە ( دبلۆم ، بەکالۆریۆس ، ماستەر ، دکتۆرا ) بۆ ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا . بەڵام لە نموونەی تاکەکانی توێژینەوەی هێچ فۆرمێکی وەڵامدانەوە لە هەڵگرانی بڕوانامەی ( ماستەر ، دکتورا ) بوونی نەبوو ، کە لە خشتەی ژمارە (4 -3) خراوەتە روو .

خشتەی ژمارە (4 -3 ): ئەنجامی نمرەی گشتی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوانەی وبەهای ( T ) و نرخی ئەگەری ، بۆ ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەگەیاندنی فێربوونی کاریگەر بەپی گۆڕاوی هەڵگرانی بڕوانامەی (دبلۆم ، بەکالۆریۆس )

| هەڵگرانی بڕوانامە | | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | بەهای T | نرخی ئەگەری | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرەی گشتی | دبلۆم | 63 | 3.83 | 0.388 | 0.655 | 0.513 | بەڵگەدارنیە |
| | بەکالۆریۆس | 109 | 3.79 | 0.467 | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( 0.01)          ئاستی بەلگەداری ئاماری ( 0.05)

بە پێی ئەنجامی زانیارییە ئامارییەکان کە لە خشتەی (4 - 3) دەردەکەوێت ، نمرەی گشتی ناوەندی ژمێرەیی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بەهای ڕێژەکەی گەیشتوتە ( 3.83)  بە لادانی پێوانەیی (388.) لە بەرامبەردا نمرەی گشتی هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەهاکەی گەیشتۆتە ( 3.79) بە لادانی پێوانەیی نمرەی گشتی ( 467.) هەر وەك  ئەنجامی بەهای گشتی (T ) گەیشتۆتە (655.) بە بەهای نرخی ئەگەری گشتی ( 0.078) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) ، سەرەڕای جیاوازی لە ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی بەڵام نەگەیشتۆتە ئاستی جیاوازی ئاماژەداری ئاماری لە نێوانیاندا ، کەواتە بەهاداری ئاماری نیە ، بۆیە گریمانەی (H0 ) سفری پەسند دەکەین ، گریمانەی (H1 ) پەسند ناکەین ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆڕاوەی هەڵگرانی بڕوانامەی (دبلۆم ، بەکالۆریۆس )ی نموونەی توێژینەوەکە کاریگەری نیە بۆسەرجەم بوارەکانی فێربوونی کاریگەر ، بەڕادەیەك بۆچوونیان لە یەکترەوە نزیکن و جیاواز نین ، بۆ ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی سەرجەم بواری فێربوونی کاریگەر بە ئاراستەی مامۆستایان . بۆیە توێژەر گریمانەی خۆیی پەسند دەکات ، کە جیاوازی نیە لە ئاستی بەهاداری ئاماری ئاماری (a ≤0.05 ) لە نێوان هەڵگرانی بڕوانامەی ( دبلۆم ، بەکالۆریۆس) دا.

**3.2.4 گریمانەی سێیەم** : جیاوازی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (a ≤ 0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی بۆ خەملاندنی نموونەی تاکەکانی توێژینەوە بۆ گۆڕاوی سالانی ( خزمەت ) بۆ ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا. بەڵام لە نموونەی تاکەکانی توێژینەوەی هیچ فۆرمێکی وەڵامدانەوە بە پێی گۆڕاوی ( 5 ساڵ کەمتر ) بوونی نەبوو ، کە لە خشتەی ژمارە ( 4 – 4 ) روونکراوەتەوە .

خشتەی ژمارە ( 4 – 4 ): ئەنجامی نمرەی گشتی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوانەی وبەهای ( T ) و نرخی ئەگەری بۆ ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەگەیاندنی فێربوونی کاریگەر بەپی گۆڕاوی (سالانی خزمەت )

| سالانی خزمەت | | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | بەها (T) | نرخی ئەگەری | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرەی گشتی | 5ساڵ کەمتر | - | - | - | .432 | 0.154 | بەڵگەداری نیە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 6- 10 ساڵ | 39 | 3.72 | 0.488 | | |
| | 11زیاتر | 133 | 3.83 | 0.422 | | |

ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( 0.01)　　　ئاستی بەلگەداری ئاماری ( 0.05)

بە پێی ئەنجامی زانیارییە ئامارییەکان کە لە خشتەی ( 4 - 4) دەردەکەوێت ، نمرەی گشتی ناوەندی ژمێرەیی گۆڕاوی ( 6- 10 ساڵ ) بەهای ڕێژەکەی گەیشتوتە ( 3.72) بەلادانی پێوانەیی ( 0.488) لە بەرامبەردا نمرەی گشتی ( 11 ساڵ زیاتر ) بەهای ڕێژەکەی گەیشتۆتە ( 3.83) بە لادانی پێوانەیی (0.422) هەر وەك ئەنجامی بەهای گشتی ( T) گەیشتۆتە (0.432) بە بەهای نرخی ئەگەری گشتی(0.154) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) ، سەرەڕای جیاوازی لە ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی بەڵام نەگەیشتۆتە ئاستی جیاوازی ئاماژەداری ئاماری لە نێوانیاندا ، کەواتە بەهاداری ئاماری نیە ، بۆیە گریمانەی ( H0 ) سفری پەسند دەکەین ، گریمانەی (H1 ) پەسند ناکەین ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆڕاوەکانی (سالانی خزمەت )ی نموونەی توێژینەوەکە کاریگەری نیە بۆسەرجەم بوارەکانی فێربوونی کاریگەر ، بەڕادەیەك بۆچوونیان لە یەکترەوە نزیکن و جیاواز نین ، بۆ ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی سەرجەم بواری فێربوونی کاریگەر بە ئاراستەی مامۆستایان . بۆیە توێژەر گریمانەی خۆیی پەسند دەکات ، کە جیاوازی نیە لە ئاستی بەهاداری ئاماری ئاماری ($a \le 0.05$ ) لە نێوان هەردوو گۆڕاوی سالانی خزمەت .

## بەشی پێنجەم

### 1.5 دەرئەنجامی توێژینەوەکە :

توێژەر لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەو دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشت :

1- بە پێی ئەنجامەکان بۆ پرسیاری یەکەم ، بە شێوەکی گشتی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە جێبەجێکردن و ئاراستەکردنی مامۆستایان ، ڕۆڵەکەی لە ئاستێکی بەرزدایە لە گەیاندنی سەرجەم بوارەکانی فێربوونی کاریگەر لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا ، لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر .

2- بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە و بەلگەی ئاماری لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا ، لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر ، بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی ( نێر و مێ) دەرکەوتووە ، جیاوازی لە بۆچوونییاندا نیە ، سەبارەت بە ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە

گەیاندنی فێربوونی کاریگەر ، جگە لە هەردوو بواری ( ســـتراتیژیەتی وانەگوتنەوە و ڕاهێنان ) نەبێت بۆچونیان جیاوازە و کاریگەرە ، بەڵام لە پێنج بوارەکەی تر وەکو هەڵســـەنگاندن ، پلانی وانەگوتنەوە ، ئامرازەکانی فێرکردن ، پرۆگرام ، پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ، بۆچوونیان جیاواز نین ، بەڵام لە کۆی نمرەی گشـــتی ســـەرجەم بوارەکان ڕادەی بۆچوونیان لێك نزیکن و جیاوازی نەبووە ، کەواتە ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر لە ڕوانگەی گۆڕاوی هەردوو ڕەگەز لە ئاستێکی بەرز دابووە .

3- بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە و بەڵگەی ئاماری لە ڕوانگەی مامۆســـتایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا ، لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر ، بە پێی گۆڕاوی هەڵگرانی ( دبلۆم ، بەکالۆریۆس ) دەرکەوتووە ، جیاوازی لە بۆچوونییان نیە و کاریگەر نەبووە ، کەواتە ڕۆڵی بەرێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر لە ڕوانگەی گۆڕاوی هەڵگرانی بڕوانامە لە ئاستێکی بەرزدابووە .

4- بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە و بەڵگەی ئاماری لە ڕوانگەی مامۆســـتایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا ، لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر ، بە پێی گۆڕاوی (ســـاڵانی خزمەت ) دەرکەوتووە لە بۆچوونییان جیاواز نین ، کەواتە ڕۆڵی بەرێوەبەری قوتابخانە لە گەیاندنی فێربوونی کاریگەر لە ڕوانگەی گۆڕاوی سالانی خزمەت لە ئاستێکی بەرز دابووە .

### 2.5 ڕاسپاردەکان:

1- پێویســـتە وەزارەتی پەروەردە لە داهاتوو کاری زیاتر بکات بۆ پاراســـتنی ئاســـتی بەرێوەبەرانی قوتابخانە ، لە ڕێگای ڕاهێنانی بەردەوام ، پاڵپشـــتی زیاتر بکرێن لە پێناو باشـــترکردنی داهاتووی جۆریەتی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و ئامانجە پەروەردەییەکان .

2- پێویستە وەزارەتی پەروەردە دەزگاکانی مەشق و ڕاهێنان ڕابسپێرێت بۆ ئامادەکردنی پرۆگرامێك تایبەت بە گەشـــەپێدانی بنیاتنانی تواناکانی بەرێوەبەری قوتابخانەکان ، لە رووی تیۆرەکانی دەروونزانی پەروەردەیی و ئاشـــناکردن وشـــارەزاکردنیان لە چالاکردن و باشـــترکردنی ســـەرجەم بوارەکانی فێربوونی کاریگەر .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- پێویســـتە کۆبوونەوەی خولی بەردەوام لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان ئەنجام بدرێت ، بە ئامانجی گفتوگۆکردن لەســەرشــێوازەکانی گەشــەپێدانی قوتابخانە و چارەســەرکردنی کێشــە وگرفتەکانی بەردەم پرۆسەی فێرکردن و فێربوون لە ناوەندەکانی خوێندندا .

4- پێویســـتە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان پاڵپشــتی دارایی بکرێن لە دابینکردن و دەســتەبەرکردنی پێداویستیەکان ، کە پەیوەندی بە فێربوونی کاریگەر هەبێت .

5- کاربکرێت لە بەرزکردنەوەی کارامەییەکانی وەك کارامەیی فێربوون و هونەریی و مرۆییەکان.

**3.5 پێشنیارەکان :**

تویژەر پیشـنیار دەکات لە دوای ئەم توێژینەوەیە لەسـەر ئەم ناونیشـانانەی خوارەوە توێژینەوە ئەنجامبدرێت چونکە ئەم توێژینەوانە ڕاســتەوخۆ پەیوەندی بە ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانەوە هەیە .

1- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردی لە نێوان ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە نێوان هەردوو قوتابخانەی گشتی و تایبەت .

2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشــێوە لە نێوان ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە پەیوەندی بە گەشەپێدانی پیشەی مامۆستایان .

3- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشــێوە ئاســتەنگەکانی بەردەم بەڕێوەبەری قوتابخانە لە هێنانەدی ئامانجە پەروەردییەکان .

## سەرچاوەکان :

### ژێدەرە کوردییەکان

- بۆتانی ، دیار ( 2014 ). **spss** - ***شــیکردنەوەی داتای ئاماری*** ، چ1 ، چاپخانەی موکریان ، هەولێر ، هەرێمی کوردستان – عیراق .
- بۆکانی ، د.سـابیر ( 2020 ) : ***میتۆدی توێژینەوەی زانستی*** ، چ2 ، خانەی چاپ وبڵاوکراوەی چوارچرا ، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان – عیراق
- پێندرۆیی ، م. محمد ســالح ( 2011 ) : ***کارگێڕی قوتابخانە و بەڕێوەبەری ســەرکەوتوو*** ، چ1 ، هەولێر ، هەرێمی کوردستان – عیراق .

- ڕێبەری بەڕێوەبەرانی سەرکردە ( 2022) . ***وەزارەتی پەروەردە*** ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر ، بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیاری پەروەردەی ناوەندی هەولێر ، هەرێمھی کوردستان – عیراق .
- سالح ، سەدرەدین زرار ( 2020 ) : ***کارگێڕی و سەرکردایەتی لە قوتابخانەدا*** ، چ1 ، بڵاوکراوەی دامەزراوەی ژیار بۆ پەروەردە و فێرکردن ، هەولێر ، هەرێمی کوردستان – عیراق .
- سیرینی ، د. سیروان عبدالله ( 2021 ) : ***ئاستەنگەکانی بەردەم داڕشتنی سیاسەتە پەروەردەییەکان و ستراتیژیەتی جێبەجێکردنیان / بەمەبەستی گەشەپێدانی کەرتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان – عیراق*** ، ط1 ، بڵاوکراوەی خانەی کتێب و بەڵگەنامەکان لە بەغدا ، عیراق.
- سیوەیلی ، ئیدریس ( 2017 ) . ***مامۆستای کارامە و وانەوتنەوەی سەرکەوتوو*** ، چ 2 ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان – عیراق
- صالح ، صدرالدین زرار ( 2018 ) . ***سەرپەرشتیاری پەروەردەیی چەمك وشێوازەکانی*** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شەهاب – هەولێر، هەرێمی کوردستان – عیراق .
- عزیز ، کریم ئەحمەد (2014 ) . ***بنەماگشتیەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە***، چاپی یەکەم ، نارین بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە ، هەولێر، هەرێمی کوردستان – عیراق .
- قەرەچەتانی ، د.کەریم شەریف محمد ( 2018 ) : ***پێوانە وهەڵسەنگاندن ( لە بواری پەروەردە و دەروونزانی )*** ، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان - عیراق.
- محمد ، محمد احمد ( 2021 ) . ***ڕێگاکانی وانەگوتنەوە لەسەردەمی تەکنەلۆژیادا*** ، چ1 ، بڵاوکراوەی دەزگای ڕوانگە ، چاپخانەی ماڵی ڕاستی ، هەولێر ، هەرێمی کوردستان – عێراق .
- ناصر ، د . ابراهیم ( 2020) . ***زانستی کۆمەڵناسیی پەروەردەیی*** ، وەرگێران ( دانا نادر محەمەد ) ، چ3 ، کتێبخانەی هەژار موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ، هەڵەبجەی شەهید ، هەرێمی کوردستان .

**نامەی ماستەر – کوردی**

- حسن ، کوردستان محمد ئازاد ( زستانی 2019 ) . ***زانینی ڕۆلی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەرەتی لە ناوشاری سلێمانی*** ، گۆڤاری توێژەر ، بەرگی (1) ، ژمارە (1) ، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان – عیراق ، ل ل (222 -270 ).

**ژێدەرە عەربیەکان**

- ابو عزام ، محمد خالد ( 2020 ) . ***الادارة التعليمية والاشراف التربوی*** ، ط1 ، دار زهدی للنشر والتوزيع ، عمان الاردن .
- الحبش ، زینب ( 2002) . ***افاق التربوية فی التعليم والتعلم الابداعی*** ، موسسة الحنقاء للتجديد والابداع ، رام الله ، فلسطين .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- الحسناوی ، حاكم موسى عبد خضير ( 2019) . ***فاعلية طرائق التدريس الحديثة فی تنمية الاتجاهات العلمية*** ، ط 1 ، دار ابن النفيس للنشر والتوزيع ، الاردن .
- حسين ، سلامة عبدالعظيم ، وعوض الله سليمان (2006) . ***اتجاهات الحديثة فی الاشراف التربوی*** ، ط1 ، دار الفكر للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن .
- خضر ، رائد يوسف ( 2011) . ***الاشراف التربوی الحديث اساسيات ومفاهيم*** ، ط1 ، دار الغيداء للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن .
- دياب ، اسماعيل محمد (2001) . ***الادارة المدرسة*** ، ط1 ، دار الجامعة الجديد للنشر والتوزيع ، الاسكندرية ، مصر .
- الرباط ، بهيرة شفيق ( 2016) . ***الاشراف المهنی التربوی*** ، ط1 ، دار الزهراء ، رياض.
- الزبيدی ، صباح حسن (2009 ) . ***اسس بناء وتصميم عناصر المواد الاجتماعية واغراض تدريسها*** ، ط1 ، دار المنهج للنشر و التوزيع ، عمان ، الاردن .
- عطوی ، جودة عزت ( 2014 ) : ***الادارة المدرسة الحديثة / مفاهيمها النظرية وتطبيقاتها العملية*** ، ط8 ، دار الثقافة للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن .
- عطية ، د. محسين علی (2018 ): ***التعلم النشط / استراتيجيات واساليب حديثة فی التدريس*** ، ط1 ، دار الشروق للنشر و التوزيع ، عمان ، الاردن.
- عيسی ، اسيا محمد ( 2018 ) : ***الادارة التربوية والتعليمية الحديثة*** ، ط1 ، دار بن النفيس للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن .
- محمد ، لينا جمال ( 2018 ) . ***الاداره والاشراف فی الرياض الاطفال***، ط1 ، دار ابن النفيس للنشروالتوزيع ، عمان ، الاردن.
- ملحم ، سامی محمود ( 2005 ) : ***القياس و التقويم فی التربية و علم النفس*** ، ط2 ، دار المسيرة للنشر والطباعة ، عمان الاردن
- ميشيل ، دينكن ( 1980 ) : ***معجم علم الاجتماع*** ، ترجمة : ( احسان محمد الحسن ) ، ط1 ، دار الرشيد للنشر و للطباعة ، بغداد ، عراق .
- وصوص ، ديمة محمد و الجوارنة ، د.المعتصم باللهسليمان ( 2018 ) . ***الاشراف التربوی ماهية – تطويره - انواعه - اساليبه*** ، ط1، دار الخليج للنشروالتوزيع ، عمان ، الاردن .

**نامەی ماستەر – عەرەبی**

- ابو شملة ، كامل عبدالفتاح ( 2009) . ***فعاليات الاساليب الاشرافية فی تحسين الاداء معلمی مدارس وكالة الغوث بغزة من وجهة نظرهم وسبل تطويرها*** ، رسالة ماجستير ، قسم الاصول التربية – الادراة التربية ، كلية التربية ، الجامعة الاسلامية . بغزة .
- امبيض ، يسری زياد صالح ( 2014 ) : ***دور المشرف التربوی فی تحسين الاداء المعلمين فی المدارس القدس الحكومية من وجهة نظر المعلمين والمديرين*** ، رسالة ماجستير ، قسم دائرة المناهج و التعليم ، كلية التربية ، جامعة بيرزيت ، فلسطين.
- باحويرث ، خالد بن عبدالرحمن بن سعيد ( 2013 ) . ***ادوار المشرف فی استخدام بعض استراتيجيات التعلم النشط فی تحسين الاداء التدريس لمعلمی الرياضيات*** ، رسالة ماجستير ، قسم المناهج وطرق التدريس ، كلية التربية ، جامعة ام القرية ، المملكة العربية السعودية . عارف .
- البلوی ، مرزوقة حمود ( 2011 ) . ***دور الاشراف التربوی فی التنمية المعلمين الجدد مهنيا فی المنطقة تبوك التعليمية من وجهة نظرهم*** ، رسالة الماجستير ، قسم الاصول والادارة التربوية ، جامعة مؤتة ، الاردن .

**تێزی دکتورا – عەرەبی**

- حسين ، حنان عبدالحفيظ الباشير ( 2019 ) . ***استراتيجيات الادارة المدرسة فی تفعيل الاشراف التربوی*** ، رسالة ماجستير ، قسم الادارة التربوية ، جامعه مولانا ابراهيم الاسلامية الحكومية مالانق ، طرابلس ، ليبيا .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- الشقران ، عبدالرحمن خاليد يوسف ( 2019 ) : ***اثر التدريس المتمايز فى اكتساب المفاهيم العلمية و مهارات عمليات العلم والاتجاه نحو العلوم لدى طلاب الصف السابع الاساسى*** ، اطروحة دكتورا ، كلية التربية ، جامعة يرموك ، الاردن
- الشـمرى ، ذهب نايف مظهور ( 2004) . ***المشـكلات الادارية والفنية التى تواجه مديرات مدارس البنات الحكومية بمدينة حائل*** ، رسلة ماجستير ، قسم الادارة التربوية ، كلية التربية ، جامعة الملك سعود ، السعوديه .
- الطعانى ، د . حسـن احمد (2012) : ***درجة ممارسـة مدير المدارس لمهامهم الاشـرافية من وجهة النظر المعلمين فى الاردن*** ، مجلة جامعة دمشق ، المجلد (28 ) ، عدد الثانى ، ص (453 – 489).
- عارف ، كارزان محمد ( 2019 ) . ***دور المشرف التربوى فى تحسين الاداء المعلمين فى المرحلة الاساسية بمحافظة السليمانية من وجهة النظر الملمين*** ، كلية الاساسية ، جامعة السليمانية .
- عكيشى ، نور الهدى ( 2014 ) : ***المانة الاجتماعية للمعلم و دورها فى العملية التعليمية*** ، رسالة ماجستير ، شعبة علوم الاجتماعى ، كلية علوم الاجتماعى ، جامعة الوادى
- الفارس ، مريم على ( 2017) : ***دور مدير المدرسة كمشرف التربوى مقيم فى تفعيل استراتيجيات التعلم النشط فى الدولة الكويت*** . رسالة ماجستير ، قسم الادارة التربوية ، كلية العلوم التربية ، جامعة ال البيت .

# دور مدير المدرسة فى ايصال التعلم الفعال من وجهة النظر معلمين المواد الاجتماعية فى المرحلة الاساسية

## ملخص

تهدف هذه الدراسة الى تحديد مستوى المعرفة لدور مدير المدرسة فى ايصال التعلم الفعال من وجهة النظر معلمين المواد الاجتماعية فى المرحلة الاساسية ، للعام الدراسية ( 2021 -2022 ) ، عينة دراسة من ( 172) معلم بحسب المتغير جنس ، المؤهل العلمى دبلوم والبكالوريوس ، سنوات الخدمة ، فى التعليم المركزى فى اربيل ، وبنسبة ( 18.5 %) ، تم اختيارهم عشوائياً ، اداة البحث عبارة من استمارة الاستبيانية مكونة (60) فقرة ، تعتمد على ( likert scale ) مقياس ليكرت الخماسى الابعاد ، موزعة على ( 7) مجالات هى ( التقويم ، استراتيجيات التدريس ، خطط التدريس ، ادوات التدريس ، المناهج التعليمية ، العلاقات الانسانية ) للتاكيد من صدق و ثبات الاستبيان تم عرضها على مجوعة من المحكمين الخبراء والمتخصصين ، واستخدمت منهج الوصفية مع استخدام البرنامج الاحصائى الحاسوب (spss ) ، وخلصت الى ان دور مدير المدرسة فى ايصال التعلم الفعال مرتفع فى وجهة النظر المعلمين المواد الاجتماعية فى المرحلة الاساسية ، كانت نتائج الفرضيات الخاصة بدور مدير المدرسة فى ايصال التعلم الفعال وفق المتغيرات ( الجنس ،المؤهل العلمى ، سنوات الخدمة ) جميعها لا توجد ذات دلالة الاحصائية ، ما عدا متغير الجنس، ومن بين المجالات كان مجال ( استراتيجيات التدريس والتدريب) ذات دلالة إحصائية ، ووجدت اختلافات في الرأي بين الجنسين فيما يتعلق بدور مدير المدرسة في ايصال التعلم الفعال .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Role of The School Principal in Communicating Effective Learning from The Point of View of Social Subjects Teachers

**Azeez Saeed Azeez**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
azeezsaeed456@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Bakhtiar Saeed Mahmoud**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
bakhtear.mahmood@su.edu.krd

***Keywords**: School Principal, Communicating, Effective Learning ,Teacher, Social Materials Material*

## Abstract

This study aims to determine the level of knowledge of the role of the school principal in communicating effective learning from the point of view of social subjects teachers in the basic stage, in the school year ( 2022-2021), a study sample of (172) teachers according to the gender variable, a certificate from a diploma and a bachelor's degree, years of Service in Education Center Erbil, with a percentage of (%18.5), they were chosen at random. The search tool is a questionnaire consisting of (60) paragraphs based on (likert scale) the compatibility scale of the Fifth Organization, divided into (7) areas, including (evaluation, teaching strategies) Teaching plans, teaching tools, educational curricula, human relations), and used the descriptive approach with the use of ( Statistical package for social sciences) (SPSS), and concluded that the role of the school principal in communicating effective learning is high in the view of teachers of social subjects in the basic stage, the results of the hypotheses were The role of the school principal in the delivery of effective learning according to the variables (gender, certificate, years of service), all of which are not statistically significant, all of them were statistically significant, except for the gender variable, and among the fields such as The field (teaching and training strategies) is statistically significant, and

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

differences of opinion were found between the sexes regarding the role of the school principal in communicating effective learning.